# کیشه له سەر شوراکانی شاروچکەی رەبەت، کیشەیەکی چینایەتیە
# نەک کیشەی ئاغا و رەعیەت

ئاریس زارعی

**به کردەوە دەرهینانی دروشمی یەک گرتن تا سەرکەوتن لە بوتەی تاقی کاری خەلکی رەبەت بە لوتکەی خوی گەیشت**

دوابەدوای هەلبژاردنەکانی شورا ئیسلامیەکانی شارو دی لە ئیران دەر کەوت کە جەماوەریکی بەر چاو بەشداریان نەکرد لە ئەم بە ناو هەلبژاردنانە وە یا ئەگەریش بەشداریان کرد تا جیگای مەحال و ئیمکان کەسانی مورد پەسند و خزمت گوزاریان کاندید کردن و دەنگیان پی دان .

بەشداری خەلک لە کوردستان لە چاو شوینەکانی تری ئیران بە هوی داپلوسینی وەحشینانە و سەرکوتی هەر چەشنە ئیعتراز و داوایای رەوای خەلکی کوردستان لە لایەن رژیمی هارو و کونەپەرستی ئیسلامی وە بەرهەلستکاری و شەرایەتی شورشگیرانە و بردەوامی خەباتیکی بی پسانەوە و رادیکال زور کەمتر بو.

لە زور شوین خەلکی شار و گوندەکانی کوردستان بە خاتر ئەوە کە رژیم بە زور دار ودەستە و بە کری گیراوەکانی خوی وەک"شورا" بە سەر خەلک دانەسەپینی و لەم ریگایەشەوە ئەوەندەی تر گەرویان نەگوشی و ئەم ئورگان و چەکەش نە خەنە ژیر دەستی خویان و بەکریگیراوەکانی بو سەرکوتی کومەلگای کوردستان وبو بردنە پیشی سیاست وئەهداف وبەرژەوەندیە تەبەقاتیەکانی خویان خەلک هات هەمان کات یا دوای کوتایی هاتنی هەلبژاردنە رەسمیەکی رژیم، کەسانیکیان هەلبژراد کە دەیان ناسین ودەیان زانی کە هیچ پیوەندیەکیان بە سیاسەت و منافعەکانی رژیمەوە نیەو کەسانی خوشناو دژی رژیمن.

لەم پەیوەندیەدا و لە ئیدامەی ئەم موبارزە جدی و ئاشکرایەی خەلکی کوردستان و بایکوت کردنی کاندید و بەکریگیراوەکانی رژیمدا لە شاروچکەی رەبەت تاکو ئیستاش مەسئلەی شوراکانی ئەو شارە یەک لایی نەبوتەوە.

خەلکی رەبەت بو دەر برینی ئیعترازی توند و نیشاندانی بیزاری و نەفرتی قولی خویان لە نیزامی بەربەری ئیسلامی و بەکریگیراوەکانیان لە ناوچەکە بە تیکرای کوک بون لە سەر بایکوتی کاندیداکانی سەر بە رژیم ودژی خەلک و لە ئەنجامدا 5 کاندیدی خوشناو و هەلسور و خزمەتگوزاری خویان هەلبژارد. بەلام دەرەبەگ و کونە چەکمە رەق ودار دەستەکانی رژیمی پاشای و ئسیلامی کەوتنە تەقەلاو تەقەلوب و شیواندنی راستیە کان و گوتیان کە کاندیداکانی ئەوان کە زوربەیان چەهر و ئەفرادی رسواو بەد ناو سەر بە رژیمن و لە کونە ئاغا و بەگەکانن دەنگیان هیناوەتە وە و ئەبیت وەک شورای شار بە رەسمی بناسرین. دیارە ئەم شگرد و ئاژاوەگیریەی ئەم کونە زالم و نوکەرانەی ئەمروی ئیسلامی و دوینیی رژیمی کون نە تازەیە و نە نە ناسراوە لە ناو کومەلگای کوردستاندا وە موشەخەسەن لەم ناوچەیە و لە رەبەت تایبەت تر.

رژیم بە ئەنقەست ئەم کیشەیە دەنە دەدات و بە پشتگری لە کونە ئاغا بەسیجەکان و بەکریگیراوەکانی خوی چوک بە خەلکی زەحمەتکیش و کریکاری و هەژاری رەبەت دابدات و کاندیدا دوراو و رسواکانی خوی و کونە بەگ و سەرمایەدارە کان وەک شورا قالب بکات و دایان بسەپینیت بە سەر جەماوەری زەحمەتکیشی رەبەت داو کردوشیەتە شایعە و باو کە گویە ئەوە ئیختلافی نیووان "ئاغاو رەعیەتەکانە" تا کیشەکە سەتعی و کەم رەنگ بکات ووەک ئالوزی و گرفتی نیوان چەند عەشایر و تایفە و... نیشانی بدات. بەلام بەر خور بە تور ناگیریت. وە نە رژیم و نە

دەرەبەگە بکری‌گیراوەکانی ناتوانی بە جورە چەواشە کاری و خول لە چاو خەلک کردنە روی راستیە کانی کیشەکان ون بکەن و ئیختلافاتتی چینایەتی ویەک نەبونی منافع و چارەنوسی خەلکی کریکار وزەحمەکیشی رەبەت و سەرمایەدار وبەگەکانی ئەوی لە جوهەری موبارزاتی تەبەقاتی و قولی جیاوازی بەرژەوەندیە چینایەتیەکانیان خالی بکەن و بە کیشەی نیوان "ئاغا و رەعیەت" ناودیری بکەن کە تا کو ئیستا هەر وا باو بووە.

من لە قسە و باسیک کە لە گەل چەندین کریکار و زەحمەتکیش و جەوانی خویندکاری رەبەت هەم بو دەلین: سەرمایەداران و ئاغاکان نە لە گەل خەلکن و نە خەلک دەیهەوین. بویە ئاگایان لە زندەگی و گوزەرانی ئیمە نیە، ئەگە ئاگاداریش بن ئەوە بە شتیکی شروشتی و ئاسایی دەزا نن. ئەوان نایان هەویت ئیمە چی دەکیشین لەم سەردەمەدا لە ژیر پوستالی رەشی حاکمیەتی ئەوان و رژیمە فاسیدەکەیان. ئوان پی یان وایە کە خەلک لە ژیر فقری مالی و بی کاری و هەژاری دا پشت مان چەماوە، هەر بەم رادەیەش هەژاری و فەقری ژانیاری و فکر ئالقامان بووە و بە ر دەستی کردوین بو ئەوان. بو ئەم هەدەفەش لە هیچ سابوتاژیک و بەدکاریەک کوتایان نەکردوە تا خەلکی هەژار و دەست کورت لە روژ وەشی و بی ئاگاهی و بی سەوادی دا رابگرن. بەلام ئەوان بی ئاگان لە وە کە کریکاران و زەحمەتکیشان وەک کەلەپچە وان بو گردن و سەرمایەکانی ئەوان، تا زیاتر فشارمان بو بینن زیاتر لییان قایم و توند دە بین. ئەوان

بویە حەز دکەن کاندیداکانی خویان داسەپین تا هەمو مەقاسدە دژی خەلکیەکانی خویان بە ئاسانترین شیوە بەرنە پیش و پیش بە شار سازی و بهداشت و ئاوەدان کردنەوە بگرن. شاروچکەی رەبەت کە نزیک بە 30هەزار کەس حەشیمەتی هەیە، هیچ بیمارستانیکی لی نیە.یەک خانە بیهداشتی بە سەرەتایترین ئیمکانات و ماکسیموم یەک دوکتوری گشتی(عمومی). دانشگای لی نیە. یەک مەدرەسەی دەبیرستانی تازە بو هاتوە کە زور جاران ئەگەر موعەلیم هەن ماتریالی تەدریس نیە یا کەمە یا ئوان هەن و لە بەر گرانی و بی ئیمکاناتی خەلک قوتابی تا دیت کەمتر دە بن. بە غەیری جادەی سردەشت_مهابادی و جادەی لیلانەی تا دەچیتە دەر لە شار هیچ جادیکی ئیسفالت نیە. هیچ جورە پارکیکی لی نیە. هیچ چەشنە سەوزە لانی و سیمایەکی شار سازی و شارستانیەتی مودیرن لەم شارە دا نابیندریت.

سەرمایەدارەکان کە زورینەیان لەم شارە کونە چەکمە رەقەکانن و بەچکە ئاغاکانی نوی بە فکری کونەوەن کە ملک و زەوی و دارایی ئەم سارەیان لە ژیر دەست دایە. ئەوان عەرزەکەسیان وەک خواردن و متاریالەکانیتری پیویستی ژیان بە پول و پاریکی زور دەفوشن بە خەلک. ناهیلن پارک بو شار دروست بکریت، چون دەولەت پارەیان بە نیسبەت خەلک کە لی یان دەکرن بو مال سازی و شتە کەمتر پی ئەدات. ئەوان تەرجیع دەدەن کە جادەکان کەمتر بن لە ناو شار چون یا پولیان کم پی دەدریت یا هیچ. مەدرەسە، بیمارستان ، ستادیوم ، سینەما ، مەکان و شوینە گشتی و خزمەتگوزاریەکانی تریش هەر بەم تیغە لە گردنیان دراوە و ئەدریت. یانی لە یەک کەلام دا سەرمایەدار و ئاغاکان کەلەشیر بە کەل گامیش بە ئیمە دەفروشن. ئەگەر هەمو خەلکی شار بو قومە ئاویک یا تیکە نانیک دایان بگات بی بەرانبەر ئاوریان لی نادەنەوە. دهلین بویە بەشداری ئەم هەلبژاردنەیان کردوە تا لانی کەم لە فەساد و گەندەلی و سوئیستفادەی زیاتری رژیم و دەست و پیوەندەکانی بەرگری بکن. ئەوان دەلین سەرمایەدار و ئاغا بەسیج و مل هورەکان دیان بەهان و شکایەتیان لە دژی شارەوانی رەبەت لوقمان مورتەزا نەژاد تومار کردوە، چون لە بەرە خەلکدا و ناهیلیت بەچکە بەگە بەسیجەکان ئیمتیازی زیادی و نامەشروعیان پی بدریت و پیش بە فەساد و زراب کاریان دگریت. هەر چەند لە ماوەی ئەم چند سالەدا بارەها هەرەشە و شانتاژیان کردوە بە

لام بەردەوام بە جورئەتەوە لە بەرابەریاندا بە پشتیوانی جەماوەری سارەکە راویستاوە و خەریکی خزمەتگوزاریە بو شارەکە.
ئەوان بە هاوکاری کەسانی لە چەشنی خالید موسازادە موهرە و بەکریگیراوی رژیم لە سەردەشت چەند جار خەلک و شورا هەلبژیراوەکانیان بە ئیتهاماتی جوراجو موتەهەم کردون و تا سەر حەدی هەل وەشاندنەوەی شوراکانیان هیناون. ماوەیەک لەوەبەر بە پشتوانی لە ئەو 5 کەسە کە وەک شوورای خویان هەلیان بژاردون 3000 ئیمزا کو دەکەنوە و دەیدەن بە ئوستانداری، پاش مودەتیک رژیم هەیئتیکی 3کەسی لە ئوستانی ئازەربایجان بو بەر رەسی ئەم قەزیە نارد بو رەبەت. ئەوان لە واقیعدا هاتبون جوابی ئەری بە بەکریگیراوەکانی خویان بدەنە وە و شوراکانی هەلبژیراوی خەلکیش مولغا بکەن، بەلام لە لەگەل ئیعترازی توند و برخوردی جدی خەلک روبە رو بون و ناچار کویان کردەوە کیشەکەیان هەر وا هیشتەوە. لەم هەوتوەدا بە سەدان کەس لە خەلکی مەنتەقە لە بەر ساختمانی فەرمانداری سەرەشت کو بونوە داوای بە رەسمی ناسینی شورا هەلبژیراوەکانی خەلکی رەبەتیان کرد. لە ئەنجامی شیلگیری و بەردەوامی ئیعترازاتی جەماوەری خەلک رژیم بە ناچاری شوراکانی خەلک کە پییان وایە بو راپەراندنی کار و خزمەتگوزاری بە شارەکە دنگیان پی داون بە ناوەکانی:1. فاتمە حوسەینی 2. ئومید رەسولی 3 هیرش حەدادی 4. ناسر ئەبوبەکری 5. عەبدولا ئەحمەدی بە رەسمی راگەیاندو لە مانگانی داهاتو بە فەرمی دەست بە کار دەبن.
خەلک پییان وایە کە ئەوە سەرکەوتنیکی گەورەیە وە دەسکەوتیکی گرینگە لە مەیدانی موبارزەی سیاسی و شارستانیانە بو ئەوان وەک چینی زەحمەتکیش و هەژار ئازمایشیکی ریکخراو بون بو بویان.
تیکوشەریکی ئەم بوارە بە ناوی" هەل گورد" دەلی: ئیمە کامیلەن لە گەل بانگەوازی بەشداری نەکردنی کومەلە دا هەین، هەر ئیستا رژیم بە دەلیلی ئەوە کە بو بەشداری لە هەلبژاردنە کانی شورای نیگاەبان" موشتەری" زور کەمە لای ئیمە بویە ناچار بوە کە ئەم بە ناو هەلبژاردنە دواخات یا لە گەل ئینتخابی ئورگانەکانی تری تیکیان بخاتەوە. هەموشمان لە گەل سیاسەت و بانگەوازەکی کومەلە کە دەلی ئەمانە نە هەلبژاردنن و نە شوران لە خزمەت خەلکدا کاملەن موافقین ، بەلام لیرە دا دو موضوع هەیە.
یەکیان ئەوەیە کە لە گەل ئەوە دا کە ئەم شورایانە بی سەلاحیەتن و بە واقیعی هیچیان لە دەست نایە، بەلام ئەگەر بکەونە دەستی بەکری گیراوە کانیان و سەرمایەدار و ئاغاکان ئیتر ئەمجارە وەک ئاو خواردنەوە کاری خەراپ و دژی خەلکیان لە دەست دیت. واتە لە واقیعدا سیاسەت و هوی بەشداریمان لەم هەلبژاردنی شورایانەدا لە سەر ئەساسی باور بون بەم نەهاد و رژیمەکەیان نیە، بەلکو بو ئەوەیە کە ئورگانیکی سەرکوت گەری تازەیتر نەکەویتە دەستیان و لە لایەن خومانەوە کونترول بکریت ، جا ئەگەر شتیکی باشمان بو لی پەیدا بون چ باشتر، ئەگەر نا دەستگایەکی داپلوسینەر کەمتر بوتەوە.
دوەم ئەگەر بو هەلبژاردنە ئیمە کەسی سالم و خوشناو لە لایەن خەلکی زەحمەتکیش و کریکارەوە کاندین نە کریت رژیم موهرەکانی خوی دادەنیت و بە ناوی سورای هەلبژیراوی خەلک دەکەونە راو روت و ئازار خەلک، ئایە ریگا چارەی ئەم وەزعە چ چارەسەریەک هەیە بوی؟
من تا ئەو جیگایە کە لەم پەوەندیەدا لی کولینەوەم کردوە و لە گەل پولیک کەس دواوم، دەر دەکەویت کە خو ماندو کردن و بە دوا داچونی ئەم کیشەیە تەنها بو ئەو ئەساسە دەگەریتەوە کە بە دەنگ نەدان بە کاندیداکانی رژیم و بەکرگیراوکانی بی زاری و نەفرەتی بی سنوری خویان نیشان بدەن و جاریکی تر بە ئاشکرا پییان بلین کە خوتان داسەپاندوە و جەماوەری کوردستان بە هەر

جوریک بوی بکریت دژتان دەوەستیت و بو کەم کردنەوەی ئازار و گرفتەکانی  شیوازی موبارزاتی موناسب ی سەردەم رەچاو دەکات.

 شتیک کە بە بروای من زور بەرچاوە و جی سرنجە جەوان بونی شوراکنی رەبەتە وە هەروەها بونی خانمی فاتمە حوسینیە لە ناویاندا. بە باوری من ئەم دیاردەیە بیانگەری دو فاکتوری گرینگ و زەنگیکی خەتەریشە بو رژیمی ئیسلاومی و کونە پەرستان و دوژمنانی نوی خوازی. یەکەم دوای ئەو هەمو سەر کوت و مەحروم کرنی جەوانانی  ئیران و کوردستان بە تایبەتی لە هەرچی پیشکەوتن خوازی و ئازادی فردیە وە بە زور سەپاندنی دەیان مەوادی دەرسی و یاسا و میتودی کونەپەرستانە لە مدارس وکومەلگادا بو کویر کردن و بە لا ری دابردن و خینگ کردنی و خنکاندنی هەزاران ئاوات و بەرنامەی شیرن لاوانی دوای شورشی 1357. بەلام هەی هات. رژیم هر چند بەم سیاسەتە گەندەل و تاریکەی رەوتی گەشە کردن و خو پەروەردە کردن و راپەرینی لاوانی بە گشتی و تایبەتی تر لە کوردستان هیواش ولە نەهایەت دا دوا خستوە بەلام بە جوریک یارمەتی داوە بە لاوان تا زیاتر خویان و مافەکانیان و رژیمی شەودوستی مەلاکان باشتر بناسن و خویان  و خەباتەکەیان سیاسی تر و پوختە و رادیکال تر بکەن. شگرد و پلانی رەش و ترسناکی رژیم  میشکی مروف قفل دەکات کاتیک بیر لە درندە بون و دژی ینسانی بونی دەکەیەوە و بە کردەوە بوت دەر دکەویت.

 سەردەمیک یا باشترە بلیم پیش هاتنە سەر کار رژیمی ئیسلامی و تکشکانی شورشی خەلکانی ئیران لە کوردستان ئیران کەسانیک کە تکەل مادە سر کەرە کان (مەوادی موخەدیر) بن تا بلیی کەم و پەنجە راویژ بون. بەلام بە داخەوە ئیستا هیزی لاویان وا گرفتار و لە داو خستوە کە فاکتەکە ئاوەژو بوتەوە، لە گەل ئەمەشدا بی کاری و هەرەشەی ئایەندیکی تاریک و زیندان و... تنگی بە بزوتنەوەی لاوان لە ئیران و کوردستان هەل چنیوە. کوماری ئیسلامی جا بو کی باش بو جگە لە "خویان"؟ بو خەلکی زەحمەتکیش و کریکار یا بو ژنان یا بو کەمایەتە نەتەوەیەکان یان...؟ قشریکی تر لە ئازار چیشتو ترین وبەند کراوترین وزە و هیزەکانی تر لە ئیرانی ژیر پوتینی رژمی ئیسلامیدا ژنانن.

رژمی ئیسلامی بە کونەپاریز ترین و بە ئیسلاح خوازترینە وە بە ردەوام لە هەولی لە بار بردن و سرکوت کردن و کونترولی هەر چەشنە جولانەوە و ئیعتراز و تیکوشانیکی ئاشکراو نەهینی هەمو بزوتنەوە ئازادی خواز و رادیکال و رەهایی بەخشەکان بوەو بە لە ناو بردن یا خالی کردن لە پوتانسیەلی رادیکال و شورشگیری لە یچ شگرد و سیاسەتیکی نامروفانە و ترسناک دەستی نەپاراستوە و سەرمایە گەلیکی بی بنی  ئەو وەلاتەی بو تەرخان کردوە. بەلام دەمیکە خو ئەو رژمە هارە دەستی خویندراوەتەوە و رسوا کراوە بە بر بلاوی بە پانای هەمو جیهان لە لایەن ئەو بزوتنە وانە. شگردی شوارا ئیسلامیەکانی شار ودی یەکیکە لە مانە. بەلام کومەلانی خەلکی ئازادی خواز و عەدالەت خوازی ئیران بە هەمو جونبشە شورشگیرانە کانیەوە باش دەزانن کە کاتیک وەلایەتی موتلەقەی فەقیهی هەبیتو دەرزەنیک دەم و دەسگای تری سەکوتگەر و خاوەن بریار هەبن نە تەنها شوراکان بگرە لە گورەپانی کردوەودا بویان دەر کەوتوە کە پارلەمان و سەروک کوماریش کارتون و تابولیەک زیاتر نین.

بەشی گرنگی  دووەمی ئەم روداوە بە باوری من بونی ژنیکی جەوان لە شورای رەبەتە بە ناوی فاتمە حوسەینی. گرینگیەکە لە وەدایە بە بروای من کە ئەم ناوچەی دوای زال بونی کوماری ئیسلامی بو ژنان بوتە جەهندەم وقەساب خانەیەک کە کەم روژ هەییە کە ژنیک بە شیوازی جوراو جور بەلام دلایلی تەنها ژن بون سەر بە نیست نەکرین و یا بالای نەمام و شلکیان نەخریتە سەر عەرز و لە بورکانی ئاگر دا زریکهیان گوی ئاسمان کەر نەکات.

ڕەبەت یەکیک لە و مەلبەندە دەگمەنانەی کوردستانی ئیرانە کە ئیستاش ڕەوابت و مناسباتی فئودالی و عەشایری جی پەنجەی بە زور داب و نەریەت وکلتوری خەلکی ئەو ناوچەوە دیارە. وە ئەو دیاردەیە بوتە هوی ئەوە کە سەیری ڕوداوو ئالوگورە نوی و پیشکەوتن خوازیەکان زورهیواش و چەتون برواتە پیش. ڕژیم نە تەنیا کاریک بو باشتر بون و کەم کردنەوەی فشار و زولمە کانی سر ژنان لەم ناوچەیە و لهم بوارە موشەخەسەدا ناکات بگرە دەست و ری قاتلان و ئەم فەرهەنگە گەنیو دژی ئینسانیەی باز هیشتوتەوە و جانیان و قاتلان بی ترس لە هیچ جورە سەزایەک خوف و ترس دەخەنە ناو کومەلگاو بەم شیوە نەسل بە نەسلی خەلکی ئەم کومەلگایە بە خشونەت و خوین و خراب کاری گوش دە ﯿیت، بە تایبە لە ئاست ژنان. ئیستاش لەم ناوچەی ریژەی چونی کچان بو مەدرەسە بە تابەت دوای دەورانی سەرەتایی بە چەندین قات کەمترە لە کوران. کچان کەم بویان هەیە دریژە بە خویندن بدەن تایبەتن لە ناو بنەمالە کریکاری و هەژارە کان کە یەکیک لە هو ئەسلیەکانی دوای خراپی شەرایەتی ژیانیان و گوزەرانە مالی، بونی کلتوری دژی ژنە.

لە هەوتوی ڕابوردو لە سەردەمی کیشمە کیشە کانی تیکوشانی خەلکی ڕەبەت بو بە قبولی گەیاندنی شوراکانیان لە لایەن ڕژیمەوە شاهیدی جنایەتیکی سامناک و وەحشیانە بوین کە لەودا کویستان ڕەشیدی بە تاوانی خوشەویستی و ژن بون لە لایەن عەشایری فئوداڵە ڕەشیدیەکانەوە وە بە دە شتی براکانی لە مالی خویان گولەبارانیان کرد و پاشان دوای ئیعترازی خەلکی شار بە ناچار بردیان بو بیمارستانی شاری سەردەشت، بە لام چون تازە بریار درابو کە دەبی ئەم" پەلە ڕەش و نەگبەتە" بی مەعتەلی لە داوینی تایفە دەفع بکیت، ئەم پولە قاتل و جانەوەرە لە سی ڕای بیزیلی نە گیشتو بە سردشت تیری خەلاسی لی خالی دە کەن و ئاوات و خوزگەکانی دەکنە خولی بەر با.

بو پشتوانی لە باسەکەم لەم پوەندیەدا کە بو لام شاکارە کە کچیکی لاوی ڕەبەت بوتە شورای ئەم شارە هیند بەلگە و هوی ئاشنا و بەرجەستەم لایە کە ئەگەر باسیان بکەم دە بیت کاتی زور ومەجال و شوینیک تر هەل بژیرم بو باسیکی پوختی ئەم مەینەتانە. بویە لە وەها ولتایک و لە هەمچین کومەلگاو کلتوریک دا هاتنە ناو مەیدانە جوراوجورە کانی موبارزە و خەبات ئەگەر بەو شکلەی فاتمە و هاو چارە نوسەکانیشی بیت هیشتا پوزیتیفە و جی پشت گیریە و دەبیت وە ڕوداویکی غرینگ باسی لیوە بکریت.

من لییرەدا بەم کورتە باسە دیمە نزیک بونەوەی وتارە- گوزارشە کەم بەو ئومیدە لە فرسەتیکی تر دا موفەسەلتر و پوخت تر بدویم .هیواداریشم بەشداری ئەم تەیفە گەنجە و خانمی حوسینی وەک یەکەم ژنی شورا لم شاروچکە هەم لەم بوارە دا کە بونەتە ئولگوی سونەت شکەنی وە هەر وەها لە کار و تیکوشان بو هوشیار کردنەوە ریکخستنی ژنان و لاوانی ئازادی نە دیتو و بەش مەینەت وئازار چیشتوی ئەو ناوچەیە بی وچان هەول بدان و خەباتی ژنان و لاوان بو بە دەست هینانی مافی ئینسانی و یەکسانی خویان بە پشت بەستن بە هیزی خویی و بە زال کردنی ئوفوقیکی ڕادیکال و سوسیالیستی بە سەر بزوتنەوە کاندا بەرەو ڕوبە ڕو بونەوە لە گەل هەر چەشنە بی حورمەتی و ئازار و بی مافیەک هەنگاو بنین. بلی جەخت کردنی خەلکی ڕەبەت لە سەر سوراکانی مونتەخەبی خویان ئەنگیزە و شگردیکی سیاسی و شارستانیانەیە بو بە گژ داچونەوەی ڕژیم و جانی و بکری گیراوەکانی. بو پیشەوە بەرە گرتنی سەنگەر و ریک خستنی جەماوەری تر و ڕادیکالی کومەلانی خەلکی بەش مەینەت و تینوی ئازادی و عەدالت.